www.kurdistannet.org
3-3-2007 14:33 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**عەولەمەو حەوسەڵەی تورکیا. . ! ئیدریس شەیداهۆ**

ئەوا بۆ چەندین ساڵ دەچێ تورکیا بەپیلانێکی نامرۆڤایەتی کەسایەتی سیاسی و سەرکردی ناوداری بزوتنەوەی کوردایەتی بەرێز (عەبدوللا ئۆجەلان) ی سەرۆکی (پ. ك. ك) ی لەزیندانێکی تاك و تەنیاو تاریك و نوتەك و دوور لەبچووکترین هەناسەی مرۆڤایەتی ئاخنیوەو هەمیشە دژایەتیو سووکایەتی بەگورەترین پیرۆزییەکانی گەلی کورد دەکا. .

لەوە دەگەڕیین کەهێشتا کورد ڕێگەی بەخۆی نەداوە، بچووکترین ناشیرینی بنوێنێ بەرامبەر بەو تاوانە نامرۆڤانەیەی تورکیا، چونکە کورد شوکر وشیارە تێدەگا مێشکی وان چ خەرباتێکە، بۆیە بەو بێدەنگییەی خۆی گورەترین ئاخی خستۆتە دڵی ئەوان. . شۆڕشیش لەژێر سێبەری ئاگرو ئاسندا هەر بەردەوامەوەو هەموو کوردی باکوور بەامبەر بەدوژمنیایەتیەکەی تورکیا ئۆجەلانیکن. .

بێدەسەڵاتیی تورکان لەوەدایە هەر کاتێك کەوتنە پەلەقاژە، پەنا بۆ کارێ ی ناشیرینی تر دەبن کەهەم خۆیان و پێ سووك دەکەن و هەم رقی ئێمەش ئەستوور تر دەکەن.

لەم ڕۆژانە (بەپێی راگەیانراوی هەردوو پارێزەری ئۆجەلان لەرۆمای پایتەختی ئیتاڵیا مەحمود شکارو عیرفان دوندار)، گوایە ئۆجەلان بەهەردوو ماددەی ژەهراوی (کرۆم و سترۆنسیۆم) ژەهر خوار کراوە. .

ڕێی تێدەچێ تورکیا بەهەموو شێوەیەك دژایەتی ئەو سەرۆکە بکا، چونکە ئێستاش کەلەژێر دەستی ئەوان بەندکراو، هەر ڕۆحیان لێی چووە، هەڵبژاردنی دەرمانی وا ترسێنەریش، بێئەخلاقی و نامرۆڤایەتی ئەوان دەردەخا، چونکە ئەم ماددانە زۆر بەنهێنی و درێژماوە کاریگەرییەکان لەسەر لەشی مرۆڤ جێدەهێلن و دواتریش بەئازارێکی زۆرەوە گیان دەدەن. .

بێدەنگ و بوونی مافی مرۆڤ و هەڵسورشاوانی کاروباری زیندانیەکانی جیهانیش زۆر کەمتەرخەمە لەئاست هەرچی پێشێلکارییەك هەیە سەبارەت بەرەوشی ژیانی مرۆڤێکی وا کەتەنها تاوانی ئەوەیە دەیەوێ میللەتەکەی هەناسەی ئازاد هەڵمژێ و خوشك و براکانی وەك مرۆڤ لەجیهانی عەولەمە و پۆست مۆدێرندا سیر بکرێن، چیدی حەوسەڵەی ژیانی بارگاو بەمەرگیان لەژێر دەستی دوژمنی سەرسەختی خوێنرێژی خۆیان نەماوە. .

سەردەمی شەڕو کوشتارو ئاژاوەش لەهەموو دونیادا نەماوە، بەڵام تورك چونکە هەمیشە لەژێر سێبەری شەڕدا توانیویەتی بەردەوامیی بەمانەوەی خۆی بدا، بۆیە ئێستاش هێندە کەم عەقڵن وا دەزانن گەر شەڕ نەکەن بەیانی لەناو دەچن، کەبێگومانیش وایە، ئەوان لەوەش هەر کاڵفامن نازانن ئەو حەقیقەتە ڕۆژێك هەر دەبێ بەراستی و لەمێژووی رەشی خۆیاندا وەك چلوورە دەتوێنەوە. . !

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.